# میدیا و بەنجکردنی کۆمەڵگە

بەیانی تۆزيك درەنگ لە خەو ڕابوم، هەینییە و کارم نییە بەڵام نازانم بۆچی هێندە بێتاقەت و دڵتەنگم ! نازانم هەر من وام یا ئێوەش وان هەندێک بەیانی هێندە بێتاقەت و دڵتەنگم توانای هەڵسانەوەم نییە . وەک ئەوەی شەو تا بەیانی نەخەوتبم هەمو گیانم ماندوە هەروەک دوێنێ شەو بەر لە خەوتن ، من هەر زانیومە خەوتن ئارامی و حەسانەوە بە هەمو ئەندامەکانی جەستە دەبەخشێ ، لەڕاستیدا تا چەند ساڵێک لەمەوبەریش هەروابو بەڵام نازانم بۆچی ئێستا هەمو شتەکان گۆڕاون !

نانی بەیانیم خوارد و بڕیارم دا کتێبێک بخوێنمەوە ، هێندە بێتاقەت بوم هەر دوای دو لاپەڕە دامنا ، ئاخر دەمخوێندەوە و نەمدەزانی چی دەخوێنمەوە !

کتێبەکەم دانا و بڕیارم دا گوزەرێک بەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بکەم بەڵکو تۆزێک خۆم لەبیرکەم ، سەرەتا بڕیار بو هەر چەند خولەکێک بێت هێندەم زانی دوای نیوەڕۆیە ! وەنەبێ بابەتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هێندە بەسود و سەرنجڕاکیش بن بە پێچەوانەوە هێندە ئاست نزم و بێمانان ، بۆ کەسێک کە بیربکاتەوە مایەی پەستی و توڕەییە ، بەڵام بۆ ئەوانەی بیرناکەنەوە بەنجێکی خۆشە و دابڕانە لە واقیعێکی پڕ قەیران و خەم ، سەرەنجامیش ئالودەبون و گەمژەییە .

بۆیە لات سەیر نەبێ ئەمڕۆ لەجیاتی هۆشیاری گەمژەیی باوە، گەمژەیی بە بەرنامە لەسەر هەمومان جێبەجێ دەکرێت و هەموشمان قوربانین و زۆرێکمان پێی نازانین، هەمومان خەریکە بەنج دەکرێین بە چەند بەنجێکی جیاواز، ڕەنگە باوەڕ نەکەیت ،فەرمو با بەیەکەوە گوزەرێک بکەین بەناو بابەتەکانی ئەمڕۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان .

بابەتەکان بەگشتی دابەش دەبن بۆ ئەمانەی خوارەوە:

- ستایشی گەندەڵ و دیکتاتۆرەکان و تەقدیسکردنیان.

- بابەتی وروژێنەر ،کچی نیمچەڕوت ، گۆرانی و نواندنی ئاست نزم، بورجەکان ، نوکتەی سواوی بێکەڵک....هتد

- بابەتی ئاینی لەلایەن کۆمەڵێک بازرگانی ئاین و بانگخوازی نەخوێندەوار کە ئەلفوبێی ئاین نازانن و ماڵی خەڵک وێران دەکەن، هەندێکیان خاوەنی دکتۆراشن بەڵام دکتۆری نەخوێندەوار !

- بابەتی زانستی و کۆمەڵایەتی و بەسود ، بەداخەوە ئەوەیان زۆر کەم بەرچاو دەکەوێ.

بەگشتی چەند سوپایەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خەریکی داگیرکردنی هزر و هۆشی تۆن بێ ئەوەی خۆت ئاگاداربیت .

سوپای یەکەم ، سوپای گەندەڵ و دەست و پێوەندەکانیانن کە هەمیشە خەریکی ماکیاژکردنی ڕوخسارە ناشرینەکانن، بە بوجەی ملیۆنان دۆلاری لە کەناڵی ئاسمانی تا دەگاتە هەمو سەکۆکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان شەو و ڕۆژ خەریکی ئاوەژوکردنی ڕاستییەکانن. جگە لە تەقدیسکردنی گەندەڵان و هۆنینەوەی درۆ و ماکیاژکردنیان هەمیشە خەریکی پیشاندانی باڵاخانەی بەرز و پارک و هاوینەهەوار و قاوەخانە و بازاڕی جوان و بەناو هونەرمەند و مرۆی بەتاڵ و بێکەڵکن ، لەکاتێکدا زۆرینەی خەڵک ئاوی خواردنەوە و کارەبا و موچە و نەوتی نییە و کاری دەست ناکەوێ ئەوان خەریکی بەرنامەن لەسەر سودەکانی فستق ، لە کاتێکدا میللەتیان هەموی کوشتوە لە داخا کەچی ڕاپۆرت دەکەن لەسەر ڕزگارکردنی پشیلەیەک لە مەکسیک !!

ئەم سوپایە هەمو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە خەڵکی بەنج بکات بە بەنجی نیشتیمان پەروەری ، لە کاتێکدا لە خۆیان زیاتر کەس خاوەنی نیشتیمان نییە !

سوپای دوەم خەریکی پارە پەیداکردنن جا بەهەر نرخێک بێت، هەواڵی بێمانا ، کچی بێ خاوەن و نیمچەڕوت لەهەر کوێی دونیا بێت هەواڵەکەی دەگوازنەوە ،مۆسیقای بێکەڵک و دراما ، فلیمی بیانی و بەتاڵ لە هەمو بەهاکان ...هتد  ئاخر من چ پێویستیم بەوە هەیە بزانم ژنە سەماکارێکی میسری چەند شوی کردوە ؟ زانینی بڕی سامانی شاکیرا و بیڵ گەیتس چ سودێکی بۆ من هەیە جگە لە کات کوشتن و بێئومێدی و چاو و جەستە ماندوکردن ؟ ئەوانەش زۆرێک لە خەڵکیان بەنج کردوە بە بابەتی وروژێنەر و بێ مانا ، سەرەنجامیش خزمەت بە سوپای یەکەم دەکەن هەربۆیە زۆرێک لەو سەکۆیە بێکەڵکانە مانگانەی باشیان هەیە لە سەر قوتی دزراوی خەڵک.

سوپای سێهەم خەریکی بەنجکردنی میللەتن بە بەنجێکی موقەددەس، سوپایەک لە بانگخواز و نەخوێندەواری هەلتۆقیوی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان  کە شەو و ڕۆژ خەریکی تۆقاندنی خەڵک بە ئاگر و سزا و ئەشکەنجە ، ئەو ئاینە جوانەی کە بۆ ئارامی و خۆشبەختیی مرۆڤ دابەزیوە ئەوان کردویانەتە شمشێرێک و سەری خەڵکی پێ دروێنە دەکەن . دەرونی خەڵکیان وا شێواندوە هێندەی لەبیری مردنە بیر لە ژیان ناکاتەوە ، بەوەش تاکێک دروست دەبێ کە بیر لە ژیان ناکاتەوە چونکە هەمیشە خەیاڵی لای مردنە ، بێگومان ئەوەی بیریشی لای مردن بێت نە داهێنان دەکات و نە دەشتوانێ وەک مرۆڤێکی ئاسایی بژیت.

دەیان و سەدان قەیران و کێشە هەیە کەچی کاکی باگخواز و خاوەن دکتۆرا دەڵێ سەڵاوات لێبدە و دوعا بکە، هەمو کێشەکانت چارەسەر دەبن !! ئەی ئەگەر وایە بۆچی پەیامبەران هێندە ماندوبون و توشی شەڕ و ئەشکەنجە و ئاوارەیی و تەنانەت هەندێکیان گیانیشیان لە پێناو گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکان بەخشیوە.!

ئەم سوپایەش وەک سوپای دوەم خەریکی بەنجکردنی خەڵکن کارکردنیشیان لە بەرژەوەندیی سوپای یەکەمە ، بۆیە هەندێک لەم بازرگانانەی ئاین موچە و خەڵاتی باشیان دەست دەکەوێ بەرامبەر خزمەتەکانیان .

سوپای چوارەم ، سوپایەکی بێناز ، لەڕاستیدا سوپا نین ، تاک و تەران لێرە و لەوێ چەند کەسێکی دڵسۆزن خەریکی هۆشیارکردنەوەی خەڵکن بە بڵاوکردنەوەی بابەتی بەپێز و واتادار ، بەڵام بەداخەوە کەمترین خەڵک ئەم بابەتانە دەبینێت و زۆر کەم لە خەڵکی گرنگیان پێدەدەن ، کارەساتەکە ئەوەیە کە ئەم تاکە دڵسۆزانە دژی هەر سێ سوپاکەی سەرەوە دەجەنگن و تاکە قەڵای بەرگری کردنن لە ژیان و ئایندەی خەڵک کەچی کەسیش پشتیوانیان نییە ، ئەوان دەجەنگن بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و بە ئاگاهێنانیان لەم بەنجانەی سەرەوە (بەنجی نیشتیمان پەروەری و بەنجی ئارەزوە ئاژەڵییەکان و بەنجی موقەددەس ) بەڵام ئەرکێکی زۆر سەختە چونکە ئەوان تەنها ٪٥ ی کۆمەڵگە پێک دەهێنن .

ئەوەی ئەرکی هۆشیارکردنەوە قورس دەکات ئەم هاوکێشەی خوارەوەیە :

١ ٪ ی خەڵکی دەسەڵاتدارانن (سەردارانی سوپای یەکەم)

٤ ٪ ی خەڵکی پشتیوانی دەسەڵاتن (سوپای یەکەم )

٥٪ ی خەڵک هۆشیارەکانن (سوپای چوارەم).

٩٠ ٪ ی خەڵک ناهۆشیارەکان- بەنجکراوەکانن  (نێچیری سوپای یەکەم و دوەم و سێیەم)

جەنگەکە لەنێوان ٤٪ و ٥٪ ە

٤٪ ی سودمەند لە دەسەڵات ناهێڵێ ٥٪ ی دڵسۆز ٩٠٪ ی خەڵکە بەنجکراوەکە بێداربکاتەوە، چونکە ئەگەر ٩٠٪ ی خەڵک بێداربونەوە ئەوا دەسەڵات لەناودەچێ بەتایبەت ئەگەر دیکتاتۆر و نادادپەروەر بێ .

له کۆتاییدا دەبێ بزانین گەڕان بەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گەڕانە بەدوای خۆشبەختی بەڵام بە گەڕان بەدوای گەمژەییدا کۆتایی دێت ، ڕەنگە زۆربەمان بۆ بەسەربردنی ساتێکی خۆش یا دورکەوتنەوە لە سەختییەکانی ڕۆژگار بەکاری بهێنین بەڵام دڵنیابە ئەو ئێمە بەکاردێنێ ، ئاخر کە شاشەی مۆبایلەکەت گرتە دەست و خەریکی هەڵدانەوەی بویت کە هەرگیز کۆتایی نایە سەدان و هەزاران بابەت دێن و دەچن کە زۆربەیان سودێکیان نییە ، کاتێک بە دوای هیچدا ناگەڕێیت و تەنها بابەتەکان تێدەپەڕێنیت ئەوا بزانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تۆ بەکاردێنن تۆ ئەوان بەکارناهێنیت. کاتێک نازانین چیمان دەوێت وێنەی چڵەپوشێک یا ماسییەکی مردوین بەسەر ئاوی ڕوبارێکەوە.

بونی ئامانجێک وا لە ماسی دەکات پێچەوانەی تەوژمی ئاو مەلەبکات ، ڕۆیشتن لەگەڵ تەوژم چ هونەرێکی تێدایە تەنانەت ماسیی مردوش دەتوانێ لەگەڵ تەوژم بڕوات !

زۆربەمان بە گەڕانمان بەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نمونەی کەسێکین دوربینێکی بە دەستەوەیە و سەرنجی دور دەدات ، ئەو حەزدەکات دور ببینێ ، حەزدەکات هەمو دونیا ببینێ بەڵام بێئاگا لەوەی لەدواوە خەریکە شەمەندەفەرێک لێی دەدات! شەمەندەفەری بەفیڕۆدانی کات و کزبونی چاوەکان و ماندوبونی مێشک خەریکە هەمومان پان دەکاتەوە کەچی ئێمەش بە دوربینێکەوە لە ئاسۆی دور دەڕوانین !

هێندە دور مەڕوانە ، ئاسودەیی وخۆشبەختی زۆر نزیکن ، لە ناو خێزانەکەی خۆت دەیان دۆزیتەوە ، کتێبێک یا ڕۆژنامەیەک بە دەستەوە بگرە لە جیاتی ئامێرە ئەلیکترۆنییە نەفرەتییەکان ، تاکەی ڕۆژنامە بۆ سڕینەوە بەکاربێنین و ئایندەشمان لەسەر خوێندنەوەی خڵتەی بنی فنجانی قاوە بنیات بنێین ؟